# خوای گەورە سەیری شێوە و سەروەت وسامانتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵ وکردەوەکانتان دەکات

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە سەیری شێوە و سەروەت وسامانتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵ وکردەوەکانتان دەکات».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- سەیری شێوە ولاشەی بەندەکانی ناکات، ئایا جوانن یان ناشیرینن؟ ئایا گەورەن یان بچووکن؟ ئایا ساغن یان نەخۆشن؟ وسەیری پارە وسامانیان ناکات، ئایا زۆرە یان کەمە؟ خوای گەورە -عز وجل- لە بەندەکانی ناپرسێتەوە لەسەر ئەم شتانە، بەڵکو سەیری دڵەکانیان دەکات وئەوەی تێیدایە لە تەقواداری ویەقین، وڕاستگۆیی ودڵسۆزی، یان مەبەستی ڕیا وناوبانگ، وسەیری کردەوەکانیان دەکات لەڕوانگەی چاکی ونەشیاوی ؛ و لەسەر ئەمە پاداشتیان دەداتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4555

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee